
# مافیای بانزین، گاز و نەوت کێن و بۆچی دەستگیر ناکرێن؟!

گەندەڵی جۆرە ڕێکخستنێکە، سیستێم، لۆژیك، مەترسی و بەڕێوبردنی تایبەتی خۆیی هەیە، بۆیە بەرەنگاربوونی ئاسان نییە و لەوانەیە ئەوەی لە دژی ڕاوەستێت، باجی زۆر قورسیش بدات. بەهەڵەداچوونە ئەگەر یەكێك پێی وابێ گەندەڵی بەهەوڵ و تەقەڵای خودی دەسەڵات لەناودەچێت! لەوانەیە ئەو هەوڵانە تا ڕادەیەكی بچووك كارتێكردنی خۆیان هەبێ، بەڵام كاریگەرترین چەك بۆ دژایەتی گەندەڵی ئەوەیە لە دەرەوەی دەسەڵات و بەچەكی دەسەڵاتی چوارەم، خەبات بكرێت.



بسم الله الرحمن الرحيم

مجلس محافظة ديالى
مكتب رئيس المجلس

العدد / ١٧٧٢
التاريخ ٦/١٢/٢٠٠٥

إلى / محافظة ديالى / مكتب المحافظ

م/نتيجة تحقيق

قامت اللجنة التحقيقيه المشكلة بأمرنا المرقم ٤٤٦ في ٢٠٠٥/٧/١١ من السادة أعضاء المجلس وممثل من مكتب توزيع نفط ديالى بالتحقيق حول عمل إدارة مستودع نفط خانقين حيث تم تدوين أقوال السادة المدرجة أسمائهم ووظائفهم دناه :-

١. السيد عماد سعدي مصطفى /مسؤول مستودع خانقين .
٢. السيدة أميره جاسم /أمين مستودع نفط خانقين .
٣. السيد ريزان عبد علي / مدير محطة زين القوس القديمة .
٤. السيد بشار إبراهيم / مسؤول العمل داخل وخارج المستودع .

وبعد إكمال التحقيق أوصت اللجنة ما يلي :-

- إحالة السيد عماد سعدي مصطفى مسؤول المستودع إلى المحاكم الجزائية لتصرفه بالمال العام وكما مثبت بالوثائق
- الكتابه إلى مستودع نفط ديالى لنقل الموما إليه أو إيقاف نشاط وظيفته فورا .
- تكملة نواقص اللجنة الفنية ( التمييز ) لعم توفر الإمكانيات .
- مفاتحة وزارة النفط بشان التجاوزات والخروقات لمعالجة الموقف رسميا بالوقوف على حال المستودعات وضرورة إخضاعها للإشراف المركزي .
- توجيه عقوبة إداريه توبيخ لامين المستودع الموظفة أميره جاسم محمد لتواطئها ومحاولتها التستر وعدم التعاون مع اللجنة التحقيقيه .

نرفق طيا نسخه من محضر التحقيق للتفضل بالاطلاع واتخاذ ما يلزم بشأن توصيات اللجنة أعلاه وإعلامنا إجراءاتكم بالسرعة الممكنة مع التقدير .

المرفقات
محضر

إبراهيم حسن احمد
رئيس مجلس محافظة ديالى

مجلس الحكم ديالى
CITY COUNCIL
DIYLA

نسخه إلى
وزارة النفط/مكتب المفتش العام /للتفضل بالعلم واتخاذ ما يلزم مع التقدير .
مفوضية النزاهة العامة / بغداد/للتفضل بالاطلاع وإجراء اللازم وإعلامنا مع التقدير .
شركة توزيع المنتوجات النفطية/المنطقة الوسطى /للتفضل بالعلم والاطلاع مع التقدير .
مكتب توزيع المنتجات النفطية/ ديالى/ للعلم مع التقدير .

نرخی خۆراك، گواستنەوە، كارەبا و زۆربەی بوارەكانی خزمەتگوزاری پەیوەندیان بە نرخی بانزین، گاز و نەوتەوە هەیە. ئەوەی دەسەڵاتی بەسەر بەرهەمەكانی (نەوت)ەوە هەبێت و بە خراپی بەكاری بهێنێت، بارودۆخی ژیانی هاوڵاتیان بەرەو خراپی دەبات. ئەوە چەندین مانگە، نرخی 20لەتر بانزین بە 15هەزار دینارەو چەندین جاریش وای لێهات كەیشتە 20تا 25هەزار دینار. چەندین جار جەماوەری خەڵكی كوردستان لە دژی گرانی و گەندەڵی، پەنایان بۆ خۆپیشاندان، توندوتیژی و ناڕەزایەتی جۆراوجۆریان برد.

دیارە ئەوەی دەبێتە هۆی ئەم بارگرانییە، تاقە كەسێك نییە، بەڵكو مافیایەكی ڕێكخراو دەسەڵاتدارە.

بەداخەوە سەرئەنجامی زۆربەی لێپێچنەوەكان لەبارەی دزو جەردەكان، بێدەنگی، چاوپۆشین، سزای زۆر سوك و زارەكی و گلەییكرنە! هەروا تەنانەت سكاڵاكەر بە((لعن الله الراشی و المرتشی))دەتۆقێنن، بەڵام ڕاستییەكەی ئەوەیە كە بەرتیلدەر لە زۆربەی حاڵەتەكاندا زۆرلێكراوە و بە ناچاری بەرتیلدەدا و بەرتیلوەرگر هەمیشە زۆرلێكەرە، بۆیە خەتایەكی گەورەیە زۆردار و زۆرلێكراو بەیەكچاو تەماشا بكرێت!

لە بەنزینخانەی خانەقی، (مستودع) كیودی و بەنزینخانەی جەلەولا و سەعدییە، دزی و جەردەیی جۆراوجۆر دەكرێت، بۆ نموونە:

1-لە 2004-2005 بەشی بەنزینخانە حكومییەكان 4-8 ترێلە و بەشی بەنزینخانە ئەهلییەكان لە جەلەولا، قزرەباد و شارەبان20-30ترێلە بووە. شایانی باسە چەند كرێكارێكی ئەو بەنزینخانانە((لەترسی دەركردن و سزادان، ناویانم پاراستووە)) گوتیان: بۆ ناسینی دزەكان با لیژنەیەك هەستن بە كۆنترۆڵكردنی(السجل الاساسی-ستۆك)ی بەنزینخانەكان. لەوێ هەموو ڕاستییەكان دەردەكەون، واتە جیاوازی لەنێوان تەرخانكردنی(نەوت، گاز و

بەنزین) بۆ بەنزینخانە ئەهلییەکان و حکومییەکان. وەزارەتی نەوتی لە بەغدا فەرمانی داوە بەوەی کە بەشی بەنزینخانە حکومییەکان زیاتر بێت لە بەنزینخانە ئەهلییەکان، بەڵام عیماد سەعدی بە پێچەوانەوە کاردەکات!

2- پێش دوو ساڵ رائد غایب لەناو بانزینخانەی خانەقیدا، دەستی بەسەر 3بەرمیل رۆنی دزراو گرتووە. ((ناوی دزەکانمان لەلایە)) و 15 رۆژ تەوقیف کرانن بەڵام بە کەفالەت ئازادبوون، بەڵام تا ئێستا بڕیار لەسەر ئەم کێشەیە نەدراوە.

3- پێش مانگێك، ئەبو مەهدی، (بەرپرسی کۆمیتەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە گەڕەکی مەزرەعە) لەسەر رێگای خانەقی-جەلەولا، دەستگرتن بەسەر 8هەزار لەتر نەوت و تەسلیمی مەڵبەندی 12ی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیانی کردو لەبەر ئەوەی مەڵبەند شوێنێکی حزبیە، تەسلیم کرا بە قائیمقامییەت. لە ئەنجامدا شوفێری ئۆتۆمبیلەکە و بارەکەی بەڕەڵاکرا. فەرمانبەرێکی بەنزینخانەیەك وتی(ئەم نەوتە بەشی هاوڵاتییەکانە - بەشی هەر هاوڵاتییەك 100لەتر نەوتە و بەگوێرەی وەرەقەی خۆراك پێیان دەدرێت)، بەڵام ئەو نەوتە لەلایەن (عیماد سەعدی)یەوە بە بازاڕی رەش دەفرۆشرێت.

4- دەستگرتن بەسەر یەك ملیون گاز و نەوتی پیس لە کیودی.

5- دەستکاری 97 بەڵگەنامە بۆ گواستنەوەی بەرهەمە نەوتییەکان کە هەر بەڵگەیەك بە 180هەزار دینار عیراقییە. لە بەڵگەنامەی ژمارە(678)لە 2005/4/3 ئاماژە پێدراوە. لە خاڵی 2ی ئەو بەڵگەنامەیە نووسراوە(أما بخصوص الكتاب207في2005/3/17 و الوارد نسخه منه طي كتاب الشركه اعلاه **فانه لم يصدر من مكتبنا**)!. هێشتا بڕیاردان لەسەر ئەم کێشەیە راگیراوە!!

6- ئەحمەد شوکر(فەرمانبەری بانزینخانەی جەلەولا) دەستی گرتووە بەسەر ترێلەیەکی پڕ بە بانزینی دزراو، کەچی ئەم فەرمانبەرە سزا درا و بۆ کارگەی گازی سەعدیە، گواسترایەوە. ناوی بەرپرسی لیژنەی لێپێچینەوە( صاحب مهدي باقر)ە سەر بە کۆمپانیای نەوت لە بەغدا.

ئێستا ئیتر دەبێ بپرسین: بۆچی ئەو هەموو دادگاییکردنە راگیراوە؟ بۆچی عیماد سەعدی نادرێتە دادگا؟؟.

لە بەڵگەنامەی یەکەم کە لە 2005/12/6، ژمارە1773لەلایەن برای بەڕێز ئیبراهیم حەسەن(سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە)وە مۆرکراوە، نووسراوە: پاش تەواوبوونی لێپێچینەوە، لیژنەکەی ئەمانەی خوارەوەی پێشنیارکردووە:

(عیماد سەعدی موستەفا(بەرپرسی مستودع) لەبەر دەستکاریکردن بە موڵکایەتی گشتی وەك لە بەڵگەکان هاتووە، بدرێتە دادگای سزادان.)

وچەندین پێشنیاری گرنگی تریشیان کردووە.

بەم بۆنەیەوە، دەبێ پیاوە گەندەڵەکان پاش بزانن کە چیتر بێدەنگی لەبارەی دزی و جەردەیی لە خەڵکی هەژاری شاری خانەقی بێدەنگی ناکرێت و شوێن پێیان هەڵدەگرین و بایەخ بە سوپاسگوزارییەکانی ئەم بەرپرس و ئەو سەرۆك حکومەت نییە بۆ جەردەکانی بەنزین و گازو هەمیشە لەئاستی چاوەڕوانییەکانی گیانبەختکەرەکانی شارەکەمان و خەڵکەکەی لەپێناو ژیانێکی بێچەوسانەوە، هەنگاودەنێین.

سەلام عەبدوڵڵا

dwaroj@yahoo.de

2006/6/12